# جلال تالەبانی ومافی ژنان ... پەکوووو؟؟؟

**محمد غفور**

29-01-2005

ئەمجارە جلال تالەبانی حملەی چەواشەکارییەکانی گویزایەوە بۆ ناو ژنانی کوردستان، لەریگەی کۆبوونەوەی لەگەڵ "یەکیتی ژنانی ینك"وە.سەرەتا کافیە سلیمان ژنانی کوردستانی قەرزاربارى تالەبانی کردو، ووتی: "مام جلال پشتیوانیکی بیوینەی ژنانە لەکوردستان ورۆژهەڵاتی ناوەراستدا..!".پاشان تالەبانی قەوانەکەی سەبارەت بەکارو خزمەتەکانی بۆ ئەو ژنانەش لیدایەوە کەئامادەبوون وئنجا ووتی: "یەکێ لەو کیشانەی کەلە پەرلەمانی عیراقدا دیتە ریمان کیشەی ژنانە، هەندێ کەس دەیانەوێ بیگیرنەوە بۆ مەتبەخ ونەهیلن هیچ هەقیکیان هەبیت لەژیانی ئەم سەردەمەدا، بەڵام ئیمە دەمانەویت وەکو پیاوان وەك یەك بن ئەگەر زیاتر نەبن. بۆیە دەبێ ئیمە هیممەت بکەین کەلەدەستووری داهاتووی عیراقدا ماڤ ژنان بپاریزین، ئەوەش دەبیتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ دوارۆژی ژنان لەعیراقدا. دیارە ئیمە خۆمان لەکوردستاندا مافەکانتان دەپاریزین ، بەڵام دەمانەوێ لەدەستووری عیراقیشا بیچەسپینین." (هیلی تەئکید هی منن).من لیرەدا تەنها هەندێ لایەنی ژیانی ژنانی کوردستان ئیشارەت پێ دەدەم لەم چەند سالەدا واتالەبانی ودەس ودایەرەکەی فەرمانرەوایی کوردستانیان کەوتۆتە دەست: بالەوە گەریین کەتا یەکیتی وبزووتنەوەی کوردایەتی لەشاخ بوون ژنانیان وەکو نۆکەری پیاوان ولەباشترین ریزلینانیاندا بۆیان گۆرەوی چنین بوو بۆ پیشمەرگە، بەشیك لەچالاکی سیاسیان بریتی بوو لەتیرۆری ژنان لەژیر ناوی ناموسی وپەیوەندیان لەگەڵ پیاوانی رژیمدا وسەدان ژن وکچی بێ تاوانیان خەلتانی خوین کرد. لەم ساڵانەدا کەحوکمی ئەم ناسیونال عەشایەرانە برەوی پەیداکردووە وهەر ئەوە کەتۆمارکراوە نزیك بە8000 ژن کوژراون لەژیر ناوی پاریزگاری لەشەرەڤ خیزان وعەشیرە ونەتەوەدا، یابەدەستی لیژنە تیرۆریستییەکانی جەنابی تالەبانی، یالەژیر گوشاری فەرهەنگی پیاوسالاری وناسیونال عەشایەری ئەواندا بەدەستی باوك وبرا ومیرد وکەسوکاریان. لەپاڵ دەسەڵاتی ئەماندا ئیسلامی سیاسی باڵای کرد ومزگەوت وحوجرەکانیان بۆ ئاوەدان کردنەوە وبەئاشکرا دەرسی قورئان بەمناڵان ئەلینەوە وحجاب ئەکەنە سەری کچان. بۆ باوەشینکردنی خورافاتی دینی ومەزهەبی دەیان مزگەوت بەپارەوپوولی گیرانەوەی پارووی دەمی مناڵان کراونەتەوە، وژمارەی خویندنگاکان لەچاو ریژەی بەرزبوونەوەی خویندکاراندا زۆر کەمن. هەرلەژیر سایەی دەسەڵاتی ئەم عالی جەنابانەدا خەریکن خویندکارانی کچ وکور لیك جیا ئەکەنەوە. سەرباری برەودان بەفەرهەنگیکی کۆن ودواکەوتووانەی کوردەواری کەوەکو کاریکی سروشتی یا"خواکرد" تیایدا ژنان ئەبنە پاشکۆی پیاوان وبەحوکمی مەنتیقی ژیانی کۆمەڵایەتی محکوم ئەکرین بەکاری ناو ماڵ وەبەپیچەوانەی درۆو دەلەسەکانی تالەبانییەوە ژنان لەم 14ساڵەدا باشتر ترنجینراونەتە ناو چوارچیوەی مەتبەخ وماڵ ومناڵ بەخیوکردنەوەوە. سەرانی کوردایەتی عادەتیان

کردووه بەقسە فریدان وبەشەهامەتەوە درۆی شاخدار لەزمانیانەوە دەبارێ. لەکوییی فەرهەنگی کوردایەتیدا باسی یەکسانی ژن وپیاو کراوە؟ کەی لەفەرهەنگی ناسیونال عەشایەریدا ریگە بەژنان دراوە لەقسەی پیاواندا وورتەیان لەدەم بیتەدەر، تاجەنابت باسی یەکسانییان بکەیت لەگەڵ پیاواندا؟ ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبەکەی بەریزت زۆریان دوو، سێ وچوار ژنیان هەیە. ژنان لەعەقل ومەنتیق ویاساوریسای بەریزتان وبزووتنەوەکەتاندا هۆیەکن بۆ دامرکانەوەی هەوەسی پیاوسالارانەتان، نەك ئینسانی ئازاد وسەربەخۆ! سەرتاپای ئەم جوملانەتان لەگەڵ بەرنامە وسیاسەتتاندا نانۆکن، ویەکپارچە سوکایەتیین بەخەلکی کوردستان وبەژنان. ئیوە خۆتان وبزووتنەوەکەتان نەك هەر گەورەترین تەگەرەی بەردەم یەکسانی ژنان وپیاوانن، بەلکو کۆسپی بەردەم گەشە وسەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیەن،و پاککردنەوەی ئیوە وحیزب وبزووتنەوەکەتان لەکوردستان ولەبەرپیی ژنان ورزگاریاندا هەنگاویکی حەیاتییە. بەداخەوە بریك ژنی وەکو کافیە سلیمان لەبەرامبەر چەند ئیمتیازیکی ناچیزدا بۆ خۆیان، ئەبنە خزمەتچی ناسیونالیزمی کورد وبەناوی ژنانەوە ریگا خۆش دەکەن بۆکەسانی وەك تالەبانی تابتوانن بەناوی مەسەلەی ژنانیشەوە حملەی چەواشەکارانەی ناسیونالیزمی کورد وحیزبەکانی بەرێ بخەن بۆ راکیشکردنی خەلکی کوردستان بەناوی هەلبژاردنەوە بۆناو سیناریویەك کەمۆری پلەدوویی خەلکی کوردستان ئەنیت بەنیوچەوانیانەوە، لەچوارچیوەی عیراقیکدا کەوەکو رۆژ رووناکە ئەحزابی قەومی ئیسلامی عەرەبی حاکمی دەبن وپەیامیان بۆ ژنان تەنانەت پیچانەوەی یاساکانی ئەحوالی شەخسییەو جیبەجێ کردنی شەریعەی ئیسلامییە لەجیگایاندا. بەهەموو ئەم پیوانانە تالەبانی کەی فری بەمافی ژنانەوە هەیە؟!لای ئەو پیاو ئەسل وئەساسە. بەلاّم ئەمرۆژانە بەم فریوکارییە هەول دەدات ژنانیش راپیچی ناو هەلبژاردن بکات. ئەمە ئامانجی تالەبانییە نەك باسکردن لەمافی ژنان. ژنانی کوردستان بەر لەهەر کەسیك دەبیت فریوی ئەم دژەژنانە نەخۆن وبایکۆتی ئەم گالتەجارە بکەن کەناویان ناوە هەلبژاردن.